کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-6-2007 16:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تروسکەی شەوە خەماویەکان ... ئومێد خۆشنووس

لە ئێستاوە خەمی شەومە خەمی خەومە
خەمی دووری گەلێ سەختە خەمی ئەومە
لە ئێستاوە ووشەکانی بانگم دەکەن
بە نازەوە بە نیگاوە ماچم دەکەن
لە ئێستاوە بۆنی پرچی ئەدا لە ڕووم
وەك نەسیمێ تا ئەو کاتەی ئەمن دەنووم
دوای زەردەپەڕ هاوار دەکەم گەر ڕابگا
دەنگم بە گوێی بەڵکو مانگەشەو تێ بگا
پێی دەڵێم خۆشم دەوێ پیرۆزە لام
بەوەفایە بێ هاوتایە شیرن کەلام
ئای لەو ساتەی چاومان چاوی یەك ئەبینێ
لەو تەزووەی بێ لە خودا کەس نایبینێ؟!!

umedxoshnus1@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.